هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

# ڕۆژی گەل
Rojî Gel

**ژمارە (٢١٥) یەکشەممە ٣١-٨- ٢٠٠٨**

## ئەمریکیەکان ٤ عێراقی گوللەباران دەکەن

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو، ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز ئاشکرای کردووە کە سێ سەربازی ئەمریکی لە نێو شاری بەغداد چوار گیراوی عێراقیان گوللە باران کردووە.

**مایکل بی لیهی** گەورە پزیشکی سریە، لەبەردەم لێکۆڵەرەوانی سەربازی ئاشکرای کردووە کە بە فەرمانی ڕەقیب هاتلی، چوار گیراوی عێراقی کە دەست و چاویان بەسترابووە، گوللە بارانیان کردوون و لە ڕووباریان هاویشتوون.



لا٣ بۆمبی ئێران یان بۆمبارانی ئێران!



لا٤ سەبارەت بە کێشەی داهاتی دەروازەکانی سنوور دەدوێن



لا٥ مێژوو کوردستانیبوونی کەرکوک دەسەڵمێنێ



لا٦ مافی یەکسانی ژن لەنێو کورد دا

# پێشمەرگە لە ئامادەباشی دایەو شاندی کوردستانیش بەرەو بەغداد دەڕوا

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست **ڕۆژی گەل** کەوتوون، بۆ یەکلایی کردنەوەی گرفت و کێشەکانی ئەم دواییانە کە بەهۆی هاتنی هێزەکانی سوپای عێراقەوە بۆ جەلەولاو جەبارەو قەرەتە دروست بووە، شاندێکی کوردستان بەرەو بەغداد دەڕوات و دەیەوێ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغداد بکات.

بەرپرسێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە نەیویست ناوی بهێنرێ، ئاشکرای کرد کە هێزی پێشمەرگە لە دەڤەری خانەقین لە ئامادەباشی دایە، ڕێگەش نادات سوپای عێراق بێتە ناو خانەقینەوە، ئەگەر شاندی کوردستان بتوانن بە ڕێگەی دانوستاندن کێشەکە یەکلایی بکەنەوە باشە، دەنا بەرپرسیارێتی ئاڵۆزبوونی ڕەوشەکە لە ئەستۆی حکومەتی بەغداد دەبێ، تا ئاسایی بوونەوەی ڕەوشەکەش هێزەی پێشمەرگە هەر لە خانەقین دەمێنێتەوە.

لەوەتەی کە هومام حەمودی ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کردووە کە نوری مالکی فەرمانی داوە تا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دواوەی هێڵی ٣٦ بگەڕێتەوە، دەنا هێزەکانی سوپای عێراق راویان دەنێ!! نیگەرانی لەنێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی کوردستان دروست بووە، پێیانوایە کە بەرپرسانی بەغداد دەیانەوێ هەنگاوەکانی ڕژێکی بێشوو تەواو بکەن، بەوهۆیەوە وەزیری پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاندبوو کە خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە کردووە و ئامادەش نین ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی سوپای عێراق بدەن، هیواشی خواستبوو کە تێکهەڵچوون ڕوو نەدات.

## بارزانی: کەرکوک بگەڕێتەوە یان نا سەربەخۆیی کوردستان مافێکی ڕەوایە

لەچاوپێکەوتنێکیدا کە دوێنی ٣٠-٨-٢٠٠٨ لە ژمارە ١٠٨٦٨ی ڕۆژنامەی 'شەرقولئەوسەت'دا بڵاوکراوەتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار مەسعود بارزانی' ڕایگەیاندووە کە حکومەتی بەغدا ئیئتیلافیەو ئێمەش هاوبەشین، بەلاّم هەڵسوکەوتەکانی نامۆن، لەگەڵ ئەوەی ئێمە هاوبەشی حکومەتین کەچی لە بەغدا ڕۆڵمان نییە، هەروەها لە مەسەلە ئەمنی و ئابووری و سەربازییەکاندا هاوبەش و شەریک نین'

لەبارەی بارگرژییەکانی ئەم دواییەی خانەقین و ناوچەکانی دیکە، سەرۆکی هەرێم گوتویەتی: 'ئەوەی لە خانەقین ڕوویدا هەڵەیەکی گەورەبوو، بەجۆرێک خەریکبوو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی لێبکەوێتەوە'

سەبارەت بە کەرکوک، بارزانی گوتویەتی: 'چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک، واتە هێشتنەوەی ئەو کێشەیەی کە لە هەر چرکەیەکدا تەقینەوەی لێ بەدی دەکرێ، ئێمە نامانەوێ بەزۆرەکی کەرکوک بگێڕینەوە، بەلاّم ئەگەر دانیشتووانی کەرکوک خۆیان ویستیان بگەڕێنەوە سەر کوردستان نابێ کەس ڕێگەیان لێ بگرێ، جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە کە سەربەخۆیی کوردستانی مافێکی سروشتی و ڕەوایە ئەگەر کەرکوک بگەڕێتەوە یان نا'

## تورکیا لە هەڵوەشانەوەی عێراق دەترسێ



**ئێلکەر باشبووگ** سەرئەرکانی نوێ سوپای تورکیا لە وتەیەکدا لە کاتی وەرگرتنی پۆستەکەیدا سەبارەت بە کورد دواو ڕایگەیاند کە: ' ڕەوشی نائارامی عێراق، هێمنایەتی تورکیا دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە دەبێ تورکیا بەوردی چاودێری ڕەوشەکە بکات و ڕێگە نەدات کە عێراق هەڵبوەشێتەوە'

باشبووگ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: 'ئەگەر عێراق هەڵبوەشێتەوە، مەترسییەکی گەورە لە سەر تورکیا دروست دەبێ، دیاردەی باکووری عێراق نابێ زیان لە یەکێتی دەوڵەتی عێراق نەدات، سەبارەت بە کەرکوکیش دەبێ بلندترین ئاستی حەساسیەت پێشان بدرێ، دەبێ هەرێمی کوردستان گوشار لە گروپە تایبەت بە کەرکوک دروست بکرێ'

ئەو هیوای خواست تا بەرپرسانی حکومەتی بەغدادو بەپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوشار لە گروپە تیرۆریستیەکان بکەن. مەبەستی ئەو **پەکەکە** بوو، ئەو بەو نیازەیە کە ئەمریکاو حکومەتی بەغداد بۆ لێدانی گەریلاکان هاوکاری باشتریان لەگەڵدا بکەن.

## کورد ٢٥% عێراق پێکدەهێنێ

دوای ئەوەی کە **هومام حەمودی** ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕێژەی ١٧%ی داهاتی عێراقی بۆ هەرێمی کوردستان بەزۆر بینی بوو، داوایکردبوو کە بۆ ١٤% کەم بکرێتەوە، سەرچاوەیەکی بەرپرسیار بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند: ئەگەر سەرژمێرێکی تەواو بەڕێوەبچێ، ئەو کاتە دەردەکەوێ کە ڕێژەی کورد لە ٢٥% تێپەڕ دەکات.

بەگوێرەی هەواڵەکان ئێستا بەرپرسانی عێراقی پەشیمان بوونەوەیان پێوە دیارە لەبەرانبەر ئەو بەڵێنانەی کە بەکوردیان دابوو، بۆیە هەرجارەی بە بیانۆیەکەوە کێشەو گرفت بۆ هەرێمی کوردستا دروست دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە هێشتا کێشەی بۆندەکانی نەوت و بودجەی هێزی پێشمەرگەو ناوچە دابڕاوەکان یەکلایی نەبۆتەوە،کەچی سەرانیی بەغدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنانە دەدەن کە لەگەڵ کورد ئیمزایان کردووە.

## سوپای مەهدی دەست بە شەر پێدەکاتەوە

بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئەلزەمان، سەدان کەس لە ئەندامانی سوپای مەهدی ئامادەیی خۆیان بۆ سەرهەڵدان و یاخیبوون دووپات کردۆتەوەو ڕایانگەیاندووە کە ئەوان پێبەندی ئەو داوایەی موقتەدا سەدر نابن کە ئێستا لە شاری قومی وڵاتی ئێران دا نیشتەجێ بووە.

بەرپرسێکی سوپای مەهدی بە ئاژانسی هەواڵی فەرەنسای گوتوە، هەرچەندە کە موقتەدا سەدر تا کاتی نادیار داوای ڕاگرتنی شەڕی کردووە، بەلاّم ئەوان حەز دەکەن دژ بە سوپای ئەمریکا دەست بە شەڕ بکەنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە موقتەدا سەدر بە تەواوی لاگیری لە سوپای عێراق دەکات و دەخوازی کە هێزەکانی سوپای عێراق گوێ بە داخوازی دانیشتووانی خانەقین نەدەن و بچنە ناو شارەکەو ئالاّی عێراق لەسەر دامودەزگاکانی ئەو شارەدا بەرز بکەنەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە سوپای مەهدی حەز بە شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق دەکات.

چاودێران پێیانوایە کە سوپای مەهدی خۆی بۆ گەڕێکی دیکەی شەر ئامادە دەکات و مەبەستیەتی سەرنجی عێراقیەکان بەلای خۆی رابکێشێتەوە، بەتایبەتیش کە ئێستا باس لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکرێ

## AIVD: ئەمریکا لەم نزیکانە پەلاماری ئێران دەدات!

ڕێکخستنی ئاسایش و ئەولەکاری هۆڵەندا AIVD ئاشکرای کردووە کە لەم نزیکانەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرش بۆ سەر دامەزراوەکانی نیوکلیاری ئێران دەست پێدەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکانی ڕێکخستنی ئاسایش و ئەولەکاری وڵاتی هۆڵەندا لە هەفتەکانی داهاتوودا شەڕی نێوان ئەمریکاو ئێران دەست پێدەکات.

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی **دێ تەلەگرافی** هۆڵەندا، ئاژانێکی سیخوڕی هۆڵەندا گەیشتبووە ناو دامەزراوەکانی نیوکلیاری ئێران، بەلاّم چونکە لە کاتێکی نزیکدا فڕۆکەکانی ئەمریکا هێرش بۆ سەر ئێران دەست پێدەکەن، ئەو ئاژانە گەڕاوەتەوە بۆ هۆڵەندا.

هیچ یەک لە ڕێکخستنی ئاسایش و ڕۆژنامەی دی تەلەگرافی هۆڵەندا باسیان لە کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەکردووە، بەلاّم چاودێران پێیانوایە لە یەکەم کاردانەوەدا هەزاران موشەک ڕەوانەی ئیسرایل دەکرێن و زیانێکی زۆر دەگەیەنن.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکانی هەواڵی ئیسرائیل ئاماژەیان بەوەدابوو کە هێزی ئاسمانی وڵاتەکەیان خۆیان بۆ هێرش کردنە سەر ئێران ئامادە دەکەن و چاوەڕوانی فەرمانی سەروو دەکەن..




## ڕۆژەڤ

ئێمەی کوردستانی هێزو توانایێکی زۆرمان هەیە، ئەگەر بە شێوازێکی باش دەکار بکرێ، ناحەزو دوژمن بە چۆک دادێنێ، بەلاّم لەوەتەی هەین بە پارێزەوە دەست بۆ هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر دەبەین، زیاتر بیر لە چەک و شاخ و تێهەڵچوونەوە دەکەینەوە.

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وانەیێکی گەورەی بە مێژووی گەلەکەمان بەخشیوە، دەبێ لەهزرو بیرماندا بیپارێزین، ئێستا کە دانیشتووانی شاری خانەقین بە خۆپێشاندان وەلاّمی نەرێنی بە سوپای عێراق دادەنەوەو پاشەکشەی پێدەکەن، دەبێ لە شوێنەکانی دیکەش سوودی لێوەربگرین و دووپاتی بکەینەوە.

ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەو پڕ چەک و مەشق پێکراویشە، بەلاّم نابێ هێزی ڕاپەڕینی جەماوەری فەرامۆش بکەین، دەبێ لە خۆمان بپرسین ئایا تێهەڵچوونەوەی چەکداری لەگەڵ سوپای ناوەند لەبەرژەوەندی کێشەی گەلەکەمان دایە یان خۆپێشاندان و خرۆشاندنی جەماوەر؟!

جەماوەری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بە دەستی بەتاڵ دژ بە سوپای بەعس ڕاپەڕین و ئەوانیان شار بەدەر کرد، ئێستاش خۆپێشاندانی دانیشتووانی شاری خانەوقین بە بەرزکردنەوەی ئالاّی کوردستان و ڕژانە سەر شەقامەکان تەواوکەری ئەو وانەیەیە کە ئازاری ١٩٩١ فێری کردووین، ئێستا جەماوەری کوردستان بە قامک ڕاوەشاندن توانای پاشەکشەکردنیان بە سوپای بەغداد هەیە. هێزی پێشمەرگەش بەچەک و ورەی خۆراگریەوە ئامادەیی هەرجۆرە بەرپەرچ دانەوەیەکەی هەیە.

لای هەموومان ئاشکرایە کە حکومەتی بەغداد لەژێر بیانۆو پاساوی شکاودا دەیەوێ لەشکرکێشی بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بکات و بە خشکەیی کۆنترۆڵیان بکاتەوە، ئەگەر دیاری حکومەتی ناوەند بۆ خانەقین و جەبارەو قەرەتەپەو کەرکوک ناردنەوەی هێزی سەربازی بێ، دەبێ لێبڕاوانە بەرپەرچ بدرێتەوەو ئەو خواستەی بەغداد لە گۆڕ بندرێ، ئەمەش پێویستی بە هاوهەنگی و یەکگرتووی ڕیزەکانی چین و توێژەکانی گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی هەیە.

هێزی خرۆشان و سەرهەڵدانی جەماوەری لەو جۆرە هێزانەیە کە داگیرکەران بە چۆک دادێنێ و کارتی گوشارەکان مەزن و کاریگەرتر دەکاتەوە، بەوهۆیەشەوە تا هێزی جەماوەریمان پڕ جۆش و خرۆش بێ، تا شەقامەکانی شارەکان بۆنی مەتەرێزو سەنگەریان لێبێ، پێویستیمان بە چەک و شاخ و گوللە کەمتر دەبێتەوە، ئەگەر لەسەر مێزی دانوستاندنیشدا کورت بێنێن و بمان خاپێنن، دەزانین لە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و ڕێپێواندا تۆڵەیان لێدەکەینەوە، چونکە خۆپێشاندان و ڕێپێوان و ڕاپەڕینی جەماوەری ئەو هێزەی سەردەمە کە هێزی سەربازی داگیرکەران دەبەزێنێ و بە سەرشۆڕی ڕەوانەیان دەکاتەوە.

با جەماوەری کوردستان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست خۆیان بۆ خۆپێشاندان و ڕێپێوان و ڕاپەڕێن ئامادە بکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com